# تابلۆیەکی دۆریان گرەی

هاشم سەڕاج



«کیمیاگەر کتێبێکی تاودایە کاروانچی هێنابوویان، کتێبەکە بەرگی پێوە نەمابوو، بەڵام کیمیاگەر ناوی نووسەرەکەی هەڵدا «ئۆسکار وایلد».. لە کاتێکدا کە هەروا چاوێکی سەرپێی پێدادەخشاند، بەسەر چیرۆکێکدا کەوت لە بارەی «نەرسیس»دا.. کیمیاگەر ئەفسانەی نەرسیسی بیستبوو، نەرسیس ئەو شۆڕەلاوە جوانکارە بوو کە هەموو رۆژێ دەچووە دەم دەریاچە بۆ ئەوەی لە ئاوەکەدا سەیری جوانییەکەی خۆی بکا، بەڵام نەیدەزانی کە ئەو نەخشەجوانە رەنگدانەوەی وێنەی خۆیەتی، نەرسیس ئەوەندە بەچێژو ئەزرەتەوە تێی رادەما کە سەرەنجام رۆژێک لە دەریاچە کەوت و خنکا، راست رووا بەناوی گوڵەنێرگز، بەڵام ئۆسکار وایلد داستانەکەی خۆی ئاوا کۆتایی پێنەهێنابوو ئەو نووسیبووی کە پاش مەرگی نەرسیس، ئۆریادەکان، واتە خواکانی دارستان دەچنە قەراغ دەریاچەکەو



دەبینن کە ئاوە شیرینەکەی بووە بەدەریایەک فرمێسکی تاڵ، هەربۆیە لە دەریاچە دەپرسن: بۆ دەگریێ؟ دەریاچەش لە وەڵامدا دەڵێ: بۆ نەرسیس دەگریم. ئۆریادەکان دەڵێن:
– ناهەقت نییە شینی بۆ بگێڕی ئێمە هەمیشە لە دارستاندا بەدوایدا رامانەکرد بۆ ئەوەی سەیرێکی جوانییەکەی بکەین،کەچی بێ سوود و هەر تۆ بەتەنیا چێژت لە جوانییەکەی وەردەگرت، – بۆ چما نەرسیس جوان بوو؟ ئۆریادەکان بەسەرسوڕماوییەوە وەڵامی دەدەنەوە:
· جا کێ لە تۆ باشتر ئەمەی دەزانی؟ خۆ نەرسیس هەموو رۆژێ لەسەر لێوارەکانی تۆدا دەهاتەوە دەریاچە دەمەوساتێک بێدەنگ دەبێ، پاشان دەڵێ:
– من بۆ نەرسیس دەگریم، بەڵام نەمزانیبوو جوانە بۆ نەرسیس دەگریم، چونکە هەرکاتێک لەسەر رۆخەکانم سەری دادەنواند لە قووڵایی چاوەکانیدا رەنگدانەوەی جوانییەکەی خۆمم دەدی».

**رۆمانی «کیمیاگەر» ل.٩٠. پاولۆ کۆویلۆ. .**

ئەگەر لە دیدگای «نیچە»وە لە تابلۆکەی دۆریان گرەی بڕوانین کە دەربارەی «ئیرۆس» دەڵێت: ئیرۆس لە تراژیدیا بەرجەستەدەبێتەوە، ئەوە تراژیدیایە کە مرۆڤ هاندەدات تام و چێژی خەیاڵەبەرزەکان بکات، ئیرۆس بەندە بەخودی هەستی ژیان، بەدیدی نیچە جەستەش هەر رۆح دەگەیەنێ».

بەڵام ئیرۆس (هێزێکی رۆحییە، کە شەیدای جوانییە، ئەو هەستە رۆحییەش هەستێکی خواوەندییانەی شێتانەیە» تێکستی (دۆریان گرەی» پاژەکانی شێتایەتی ئەڤین یان کردەی ئەشقێکی دێوانەیی دەخاتەڕوو، کردەی ئیرۆتیککردنی رۆحی سەرمەست لەگەڵ جوانی روخساردا، کە پرۆسەی نووسینەوەی ئاونگەکانی نووری جوانییە، چونکە غەریزی ئارەزوو بەدوای لەزەتدا وێڵ و سەرگەردانە {بەتایبەتی چێژی جوانی جەستەکە پێی دەگوترێ ئیرۆس} ئیرۆس. هێزێکە بۆ جوانی و دڵکێشکردنی بەرانبەر (سوکرات بەجوانی فیادرۆس مەست دەبوو). سوکرات ئەوەش دەدرکێنێ کە (ئەڤینداریک هەستی مەبەستترە لە کەسێک کە ئەڤیندار نەبووە).

ئەگەر لەرێگەی ئەوگوفتارو پێودانگانەوە گوێ هەڵخەین بۆ تێکستی ئاوەڵای «دۆریان گرەی» و بتوانین توێخی ماناگەلێکی پووچەڵ و رووکەش وەلانێین، بەسەداو نەوای قووڵترین مانایەکی حەشیشین سەرمەست و نەشئەداربین بەبتایبەتی پاژی ئەو ماناو دەلالە شاراوەو نەگوتراوانە کە لەنێو تۆڕی ئالۆسکاوی تێکستدا بەپەنگخواردوویی ماونەتەوەو راشکاوانە گوزارشتیان لێنەکراوە، ئاخر تێکست خۆی لە خۆیدا مەزرایەکی درەوشاوەی دەلالی و ئێستەتیکییە، هەردەم جۆرەها ماناو دەلالەی جیاواز جیاواز بەرهەمدەهێنێت، دەتوانین لەشی تێکست بەجەستەی نەرم و نیانی «هێلینا» بانوو بچوێنین «هێلینا»ی رەدووکەوتووی فیتنەگەری هەلایسێنەری جەنگە خوێناوییەکانی جوانی! نووری (جەستە، تێکست) رۆحی سەرمەست و ئەڤیندار ئیغرا دەکات و دەخرۆشێنێت، هاوکات لێناگەرێت زاخۆن و دورجەکانی ناوەوەی کەشف بکرێت و کۆدەکانی رۆحمەست و ئەڤیندار لەبەرانبەر جیلوەگەهی جەستەی تێکستدا هەست بەلەززەتێکی خەتەرناک دەکات. هێزێکی ئیرۆسی (سێکس

+ ئەڤین).. هەستێکی ترسناک، خەریکە مانەندی رامیارێک (راوکەرێک) ناوازەترین و لەززەتدارترین چەمک و ماناو دەلالەیەک نێچیر بکات (بوونی مانا تەنها لە دەقدا نییە، بەڵکو دەق و خوێنەر پێکەوە بەرهەمی دێنن).. ئەی ئەو بنکەو چەقە ئیرۆسی و غەریزی و حسی و شاوەتیە یان ئیرۆتیکییە چییە کە موخاتەبەی رۆحی لیوانلیوی نیگارکێش- شێوەکار) دەکات.. یان بەچەمکی «فینومنولوجیای رۆح» و فەلسەفەی (هیگل)و جوانی خود، کاتێ خود بەهۆی کردەی هۆشمەندییەوە درک بەخودی خۆی دەکات و رووەو بالابوون و جوانی و بەرکەماڵبوون هەنگاو دەهاوێژێت و .. بەرەو رۆحی خودی و رۆحی بابەتی و رۆحی رەها پاشان لە فەزای فەلسەفەو ئایین و هونەردا تەجەللا دەکات (تابلۆکەی دۆریان گرەی)..

هەڵگری ئەو رۆحی ئاگرینەی جیلوەی جوانییەیە، جوانییەک بەردەوام لەگەڵ رۆحی گەردووندا لە ململانێ و کێشەدایە، (باسڵ هاڵ وارد «نیگارکێش».. کاتێ تەماشای تابلۆکەی دەکرد زەردەخەنەیەکی بەرۆخساریدا تێدەپەڕی) لۆرد هێنری واتۆن وتی: ئەوە باشترین کاری تۆیە، باسڵ، باشترین شتە کە کردووتە پێویستە بەدڵنیاییەوە رێگە بەکەسانی تریش بدەی خۆشی لێوەربگرن). باسڵ وەلامی دایەوە: نەخێر بیر لەوە ناکەمەوە کە پیشانی هیچ کەسێکی تری بدەم». «باسڵ» دەیەوێ زۆربەی خودو جوانی خۆی ئاوێزانی ئاونگە بۆیەییەکانی جیهانی رەنگ و تیشک بکات تا نووری روخساری (نەرسیس) دۆریان گرەی، لەم تابلۆی قەدەرئامێزی گەردووندا بەرجەستە بکات، بەلام تا دێ کردەی هونەر روو لە شەبەنگەکانی جوانی و دۆزەخەکانی ترس و ئاگرەکانی رۆح و ترسناکی هەنگاو دەهاوێژێت، (من پێم وتیت ئەو تابلۆیە نهێنییەکانی خۆم پیشاندەدات، زۆربەی یەکەم جار کە دەگەیشتم بەدۆریان لە ئاهەنگی «لەیدی براندۆن» بوو کاتێک چاومان بەیەک کەوت هەستم بەوە دەکرد خوێنەکەم روخسارم بەجێدێڵێ، هەستم بەترسێکی تەواوکرد، هەستم بەوە کرد ژیانی ئێمە بەسترایەوە پێکەوە لە هەندێ رێگەی سەیرو سەمەرەوە، «چەند جار تۆ ئەوت دەبینی؟» «هەموو رۆژێک، ئەگەر هەموو رۆژێک نەم بینیبایە ئەوا دڵخۆش نەدەبووم» «بروام وابوو تۆ تەنها گرنگیت بە هونەرەکەت دەدا» باسڵ وتی:

«ئێستا ئەو هەموو هونەرێکە بۆ من» دۆریان هەندێ پەرەی مۆسیقی هەڵدەدایەوە «ئەمە لۆر هێنری



**ئۆسکار وایلد**

واتۆنە دۆریان» بەوریاییەوە تەماشای دۆریان دەکرد! بەڵێ بێ گومان جوانییەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو لەگەڵ لێوە سوورەکانی و چاوە شینەکانی و قژە ئاڵتونییەکەی، وێنەکێشەکە بۆیەکانی دەرهێناو وتی: هێنری دەمەوێ ئەمڕۆ تابلۆکە تەواوبکەم، ئەکرێ داوات لێبکەم لێرە بڕۆی؟ «لە کاتێکدا باسڵ وێنەی دەکێشا، هێنری قسەی بۆ دۆریان دەکرد».. «بەڕێز گرەی خوا زۆرباشە بۆ تۆ کە جوانی پێت بەخشیوە، بەلام کاتێ تەمەنی پیری هات دووبارە لێت دەسەنێتەوە» «دۆریان بەهێواشی وتی: خەم... خەم...! من پیردەبم! ئەو جوانییانەش وندەبێ! بەلام تابلۆکە بەگەنجی دەمێنێتەوە.. ئاخ ئەگەر تەنها ئەوە لە رێگەیەکی ترەوە رووی بدایە! ئەگەر بەگەنجی بمامایەتەوە! لە کاتێکدا تابلۆکە پیر ببوایە! ئەوا هەرشتێکم هەبوایە دەم بەخشی بۆ ئەوشتە! تێکست بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵگری



نیچە

بیرۆکەو نەزمێکەو لە لەتە مۆسیقایەکی سوورباو دەکات و لەنێوان «ژێ» کانی جوانی و ئەڤینداری و هەستی مەرگدا دەژەنرێت (تابلۆکەی دۆریان گرەی) لەوحی زمڕووتەو بەتیشکی پرشنگەکانی یەزدانی رۆحی ئەڤین و جوانی لەسەر نەخشێنراوە، (تەختی زمڕووت)یش ریگایەکی راستەوخۆیە بۆ نێو رووحی دنیا)..

خۆشەویستی و جوانی (ئەو هێزەیە کە رۆحی جیهان دەگۆڕێ و باشتری دەکات، بچۆ خزمەت ئەو دەستەی هەموو شتەکانی نووسیوە، ئەو دەستەی.. ئەو دەستەی لەسەر کێوی «طور»ی غەمباردا، بەتیشکەکانی ئێستاتیکا لەوحە پیرۆزەکانی نووسیی و، ئەو دەستە درەوشاوەیەی لە دەمەوئێوارە وەختانێکی غەمگیندا لەوحەکانی قەدەری نووسی و هاواری کرد «مەکتووب».. باسڵ دەیزانی «دۆریان گرەی» (لە رووحی جیهانڕا هاتووەو رۆژێکیش دەچێتەوە رووحی جیهان».. بچۆ خزمەت ئەو دەستەی نەخشی ئەو جوانییەی کێشاوە.. کە دۆریان دەچێتە نێو رۆحی گەردوون دەبینی کەوا رۆحی گەردوون بەشێکە لە رۆحی «خودا»..رۆحی رەهاش رۆحی خۆیەتی، بەڵام مەرگ شەرای گەردەلوولێکی رەنگاورەنگەو لە پانتایی جوانییەکانەوە هەڵدەکات.. تابلۆکە لە سەرەتاوە تۆوی مەرگی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە «ئیتر هەموو شتێ وندەکەین، تابلۆکەت ئەوەی فێرکردم کاتێک کە پیربووم خۆم بکوژم».. هاوکات بریقەو رەونەقە سوورەکانی سەردەستی دۆریان لە تابلۆکەدا ئاماژەن بۆ مەرگی نیگارکێش، نووسەر) رۆحی نیگارکێش بۆتە پارچەیەک (لەززەت و وەجد).. تازە ئەو رۆحە شەیداو ئەڤینداره پێویستی بەتوانەوەو لەنێو چوونە، تەفروتونابوون لەنێو فەزای رۆحی گەردووندا، هەروەها مەرگی نیگارکێش ریگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی خوێنەر بەمەفتەکانی لەززەت بگات. پاشان (نیگارکێش، نووسەر) پێویستە بکوژرێت، چونکە وێنەی شێتی و گومڕایی خۆی دەکێشێت و لەززەتە نەفریناوییەکانی تابۆ و مەرزە یاساغەکان دەنووسێتەوە.. ئاخر دۆریانە راستییەکە لەنێو رۆحی باسڵدا بەرجەستەبووە، دۆریان.. «چونکە حەز دەکەم لەگەڵ هێنریدا بڕۆم».. باسڵ بەخەمبارییەوە وتی «دەبێ لەگەڵ دۆریانە راستییەکە دابمێنمەوە) هێنری هاتە ژوورەوە «ببورە دواکەوتم دۆریان! ژنەکەم بەقسەکردن دوای خستم، هەرگیز ژن مەهێنە دۆریان! «بڕوا ناکەم من ژن ئەهێنم، هێنری! من زۆر ئاشقم! دەکرێ بگوترێ «لۆرد هێنری واتۆن» وەک کاراکتەرێکی ئەقلانی هەڵگری توخمەکانی شەڕانگێزی و سوودمەندی و بەرژەوەندی تایبەتییە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی کە «ئامانوئێل کانت» هەست و ئیحساس لە جێگەی عەقڵدا دەنێت، هەربۆیەش «دۆریان گرەی» لەدوایین چرکەساتی کوشتارکارییەکەشدا پەنای وەبەر نابات.. پاشان تێکستی دۆریان گرەی کەرنەڤاڵێکە لە ئاگرەکانی هەست و ئیحساس و زەماوەندی مەرگە لەززەتدارەکانی تەقسی گەمەی ئێستەتیکی نووسین و بانگەشەی مەرگی نووسەر لە لایەن رۆحی تێکست و دەسەڵاتی خوێنەرەوە، چونکە دۆریان بەردەوام کاریگەرترین خوێنەری یان بینەر، تەماشەکەری تابلۆکەی خۆیەتی، هەردەم هێما جیاوازەکانی زەمەن و جوانی لێکدەداتەوە و گیانی رەنگەکان دەدوێنێت و بەدوای نهێنییەکانی وجوودو جوانیدا شێت و عەبداڵە، دۆریان مانەندی

«نەرسیس» درکی بەبەدبەختییەکانی بوون کردووەو خودی خۆی دۆزیوەتەوە، بوونی ئەو پابەندە بەئاگرەکانی لەوحی روخسارو درەوشانەوەی پرشنگە یەزدانییەکانی جوانی دۆریان هێماو دەلالەی رۆحی ئاگراوی «باسڵ» بەدبەخت و غەمباری تێهەڵدراوی ئەم گەردوونە بێ سنوورەیە،.. ئەو تەنها دەیەوێ بەهەڵدانی کارێکی ئیبداعییانە تۆزێ گەمەی ئێستەتیکی بەکۆدەکانی قەدەرو مەرگی جوانی بکات.. بەڵام سەودایی «سیبڵ ڤەین»ی کچە هونەرمەند بۆ دۆریان گرەی.. لە ئاگرێکی خودایی دەچێت تا دێ دڵ و دەروونی دەسووتێنێت و جوانی دۆریان سەری ئەویش بەفەتارەت دەدات و «سیبڵ ڤەین» وەک کچە ئەکتەرێک جیهانی نواندنی لێدەشێوێت و پاشان خۆی دەکوژێت: لەم تێکستە کراوەیەدا بەشێوەیەکی بەردەوام مەرگ لە فەزای عیشق و جوانییەوە سەرهەڵدەدات، دۆریان «قەشەنگترین کچ بوو کە لە تەمەنمدا بینیومە» «دەنگی تۆو دەنگی سیبڵیش دوو شتە کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە»

«هێنری چاوەکانی داخست و دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە بارەی دۆریان گرەییەوە، لە کاتێکدا کە دانیشتبوو بیری دەکردەوە».. ئەم برگەیە بەر لە خۆکوشتنی «سیبڵ ڤەین» هەڵدەرێت.. (تکایە «دۆریان».. بەجێم مەهێڵە، داوای لێبووردن دەکەم بەباشی کارم نەکرد، هەموو کاتێ بیرم لە تۆ دەکردەوە ئایا تێناگەیت؟ تکایە مەڕۆ لە لام.. بەدەنگێکی هێواش وتی «من دەڕۆم، خۆزگە ناخوازم بۆ ئەوەی بێ رەحم بم، بەڵام هەرگیز ناتوانم جارێکی تر بتبینمەوە).. بەم شێوەیە زۆربەی کاراکتەرەکان لەنێودەچن و لەم گەردوونە بێ سنوورەدا تەفروتونادەبن، تەنها روخساری درەوشاوەی (رەها).. دەمێنێتەوە، جوانییەکانی لەش و روخسار و سەرپاکی جوانییەکانی جیهان و گەردوون.. بەخششی رۆحی بێ کۆتاو نەمری ئەون..

هێدی هێدی رووەو بەر دەرگانەکەی ئەو دەگەڕێتەوە (ئەگەر بتوانییایە بەگەنجی بمێنمەوە لە کاتێکدا تابلۆکە پیر ببوایە).. (پەردەیەکی ئەرخەوانی کۆنی دۆزییەوە و فڕێی دا بەسەر تابلۆکە).. (روخساری دۆریان بێ خوێن بووە تووڕە بوو و چاوەکانی لە ئاگری شین دەچوون) دۆریان هاواری کرد، «باسڵ!»

«تۆم بینی وات کرد، گوێ بگرە، دۆریان، لەو ساتەی یەکەمەوە کە چاوم بەتۆ کەوتووە تۆ بەتەواوی سەیرترین کاریگەریت لەسەرم هەبووە، بەتەواوی لە دەسەڵاتی تۆدا بووم، لە هەموو تابلۆیەکدا خۆشەویستیم بۆ تۆ بووە کە کێشاومە، لەوە دەترسام کە خەڵکی بەو خۆشەویستییەم بزانن کە بۆ تۆ هەمە، تابلۆکە ناتوانێ ئەو راستییە پیشان بدات». (کاتێک باسڵ ژوورەکەی بەجێهێشت، دۆریان بۆ خۆی پێ دەکەنی).. «هەرگیز چاوەڕێ نەدەکرا ئەو جوانییە سەرسوڕهێنەرە دۆریان گرەی بەجێ بهێڵێت» تێپەڕبوونی بیستوپێنج ساڵ لە تەمەنی، تێپەڕبوونی زەمەن بەسەر تابلۆکەو رۆیشتنی زەمەنی جوانی لە روخسارو لەدەستدانی رەونەق و پرشنگە خوداییەکان، و گواستنەوەی تابلۆکە بۆ نێو ژووری قەدەر، ژووری لەوحە زمڕووتییەکانی «مەکتووب»و خوێندنەوەی جوانییەکانی نێو دڵ و دەروون و قووڵاییەکانی ناخ و مەرجانە درەوشاوەکانی خود.. «دۆریان گرەی بەهێواشی وتی «بینینی ناو دڵی من؟ روخساری سپی بوو، ترسا».

باسڵ وتی: «بەڵێ، بەڵام تەنها خوا دەتوانێ ئەوە بکات» ئێستا وەرەو سەیری بکە، نزیکتر بووەوە لە باسڵ و وتی: رێگەت پێدەدەم سەیری ناو دڵم بکەیت، ئەکرێ ئەوشتە ببینیت کە تەنها خوا دەتوانێ بیبینێت».

«تۆ تەنها کەسی لە دنیادا کە هەموو شتێ دەربارەی ژیانی من

دەزانـی».. ژووری هـەیـوولایـی و ژووری مـەرگ و جـوانی و ئەجـەل، ژووری هەڵواسـینی لەوحـەکـانی و مـەکـتـووب».. «زۆر بیـر لەوە دەکـەمـەوە کە تەنهـا خـوا دەتوانێ سـەیری ناو دڵـی کـەسـێک بکات باسڵ ئەو پەردەیە راکـێـشـە دواوەو ناوەوەی دڵم دەبینێت) «ئەو تابلۆیە روخساری دۆریان گرەی خۆی بوو، جوانییە سەرسوڕهێنەرەکەی هێشتا بەتەواوەتی تێک نەچووبوو، هێشتا هەندێ رەنگی ئاڵتوونی لە قـژە نەرمەکەیدا مابوو، هەندێ سووری لە لێوە پیرەکانیدابوو، بەڵێ ئەوە دۆریان خـۆی بوو، بەڵام کێ ئەو وێنەیەی کێشابوو؟ باسڵ.. هەستی بەترس کرد کاتێک لە دەستە چەپی تابلۆکەوە پیـتە سوورەکانی ناوی خۆی بینی، تابلۆکەی خۆی.. بەڵام بۆچی گـۆڕاوە.. باسڵ بەشـێـکی جوانییەکانی خودی خۆی، جوانییە سۆفیزمەکانی هونەر و سیحری ئاڵۆزییـەکـانی قـودرەت و دەسڕەنگینی نەخشەکانی رەها لە روخسارو تابلۆکەی دۆریان گرەیدا دەدۆزێتـەوە، تابلۆیەک لەوحی مەرگی نێگارکێشەکەی هەڵگرتووە. «تۆ تەمـاشـای ناو دڵی من دەکـەیت».. دۆریان، کەسێک بوو کە هەردەم پێدەکەنی، بەڵام «ئالان کامپ بێڵ»ی کیمیاگەر هەرگیز پێنەدەکەنی» پیاوێکی گەنجی زۆر زیرەک بوو، ژیانی بۆ زانست تەرخان کردبوو».. دوای کوشتنی «باسڵ» و گۆڕینی تەرمەکەی بۆ پارچەی بچووک بچووک و تەفروتوناکردنی بەهۆی «ترشی نتریک» «ئالان» گوتی.. «باسی ئەو رۆژانە مەکە دۆریان ئەو رۆژانە مردن».. دۆریان نیوەی دەرگاکەی کردەوەو دیقەتی تابلۆکەی دا، هێشتا پەردەکە لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، چاوانی دۆریان پڕ بوو لە ترس، ئەو دڵۆپە سوورو تەڕو بریقەدارانە چی بوون لەسەر دەستەکانی لە تابلۆکەدا؟.. مەرگی باسڵ هاڵ وارد و ونبوونی هەتا هەتایەی دیدالۆسی رەنگ و جوانییەکانی پرشنگی روخسار.. مەرگی «میری سەرسوڕهێنەر» و تارمایی کچە هونەرمەندەکەوە شالاوەکانی «جیمس ڤەین».. دۆریان گوتی: من زۆر بیر لەوە دەکەمەوە کە بۆچی باڵندەکان دەڕۆن بۆ دەشتەکان».. مەرگ لە دیمەن و وێنەو تابلۆ جوانەکانەوە دێ.. مەرگی «جیمس ڤەین» لەناو ئەو گیا درێژەی کە بیست مەترێک لە پێشیانەوە بوو» تراژیدیاکانی زیندەگی لە مەفتەنی جوانییەوە دێن، جوانی هەڵگری ترس و ئازارە کوشندەکانە، (دڵۆپە سوورەکانی سەردەستەکانی بریقەدارتر دەردەکەوت و زۆرتر لە خوێنی سازگار دەچوون».

دۆریان چەقۆ بریقەدارەکەی هەڵگرت، ئەو چەقۆیەی کە وێنەکێشەکەی پێکوشت، ئەوەبوو کە ئێستا ئیشی وێنەکێشەکەی کوشت، ئەوەبوو کە رابردووی کوشت، بەرامبەر دیوارەکە تابلۆیەکی دۆریان گرەی لێبوو، پڕ بوو لە جوانییە سەرسوڕهێنەرەکەی کاتی گەنجی دۆریان گرەی، لەسەر زەوییەکە پیاوێکی مردووی لێ بوو بەجلی ئێوارەوەو، چەقۆیەک، کە لەناو دڵیدابوو، روخساری پڕبوو رق و نەخۆش کەوتبوو، رەنگی زەرد بووبوو، بەتەمەن بوو، بەڵام ئەوەبوو کاتێک سەیری ئەڵقەکانیان کرد یەکسەر ناسیانەوە کە دۆریان گرەیە..

**سەرچاوە:**

ناوی کتێب: تابلۆکەی دۆریان گرەی.

بابەت: چیرۆکی ئینگلیزی - کوردی.

ن: ئۆسکار وایڵد

و: بنار کەریم محمد

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ: ٢٠٠٥

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم